# گەل ڕۆژی
Rojî Gel

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە

ژمارە (٢٠٩) یەکشەممە ٢٥-٥-٢٠٠٨


## ل3 وەزارەتی ناوخۆی بۆ هەولێر سەردەمی دوو ئیدارەیی دەگەڕێتەوە



## ل4 منداڵانی سەرشەقام و خەونەکانیان



## ل6 کەمانگەر ئێستاش ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە



## ل7 چەند پەیڤێک لەسەر ژینگەپارێزی



## پێتریۆس: چەند هەڵەیەک ئاشکرا دەکات

**دێڤید** پێتریۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم ئەنجوومەنی پیراندا پەنجەی لەسەر چەند هەڵەیێکی ئەمریکا داناو ڕایگەیاند کە ئێستا چاوگەی تیرۆر لە ئەفغانستان دایە نەک عێراق، ئێمەش چەندین هەڵەمان لەعێراقدا کردووە، بۆیە ڕەوشەکە بەم ئاکامە گەیشتووە، هەلەکانیش بریتین لە: هەڵبژاردنی پێشوەخت، تاوانەکانی زیندانی ئەبوغرێب و هەرەسی سیاسەتی حکومەتی عێراق لە ئاشتبوونەوەی گشتیدا.

# لەژێر گوشاری بەغدا،هەرێم سیستەمی نوێی موچە پێڕۆ دەکات

**دوێنێ** شەممە، ٢٤ی ئایار، ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان بە ئاژانسی دەنگەکانی ڕاگەیاندبوو کە وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق ئاگاداری کردوون تا لەم مانگەوە سیستەمی نوێی موچە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پێڕۆ بکرێ.

ڕەشید تاهیر ڕوونی کردۆتەوە کە سیستەمی نوێ، موچەی مانگەکانی پێشووی ئەمساڵیش دەگرێتەوە، بەو پێیە دەبێ لەگەڵ موچەی ئەم مانگە دا زیادەکانی مانگەکانی پێشوو بدرێ.

سەبارەت بە پێڕۆکردنی سیستەمی نوێی موچە، سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل**ی ڕاگەیاند کە ماوەی چەند مانگێکە مشتومڕ لەنێوان وەزارەتی دارایی بەغدادو دارایی هەولێردا هەبوو، هەرچی وەزارەتی دارایی بەغدادبوو دەیویست کە سیستەمی نوێی موچە لە هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ بکرێ، چونکە لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٨دا پێوانەی بۆ کراوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبیانۆی ئەوەی کە کورتی لە بودجەی ساڵی ڕابردوودا هەبووە، زیادەی ئەمساڵە بۆ پڕۆژە تەواونەکراوەکان سەرف دەکرێ، دەیویست ئەم ساڵ سیستەمی نوێی موچە پێڕۆنەکرێ و هەر وەکو پێشوو بمێنێتەوە، بەڵام سەرۆکوەزیرانی عێراق و وەزارەتی دارایی مەرجی پێدانی بودجەیان بە پێڕۆکردنی سیستەمی نوێی موچە گرێدابوو، سەرەنجام لەژێر گوشاری حکومەتی عێراقدا، حکومەتی کوردستان ڕازی بوو کە سیستەمی نوێی موچە پێڕۆ بکرێ و هی مانگەکانی ڕابردووشیان بۆ بگێڕدرێتەوە.

## هەوڵ دەدرێ پەرلەمانی سوێد، ئەنفالکردنی کوردان وەک جینۆساید بناسێنێ

**بەگوێرەی** ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی سویدی ڕێکخراوی **چاک**، ڕۆژی ١١-٦-٢٠٠٨ لە پەرلەمانی وڵاتی سوێددا دیباتێک لەسەر ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید بەڕێوەدەچێ، بەوهۆیەشەوە ناوەندی چاک داوای لە کوردستانیان و پارت و لایەنە سیاسیەکان کردووە کە لەو ڕۆژەدا کارێکی هاوبەش ئەنجام بدەن و بیکەن بە هاندەرێک تا پەرلەمانی سوێد کۆدەنگی لەسەر بکەن و ئەنفالکردنی کوردستانیان وەکو جینۆساید بناسێنن.

جێگەی ئاماژەیە کە ساڵی ڕابردوو لەنێو هۆڵێکی پەرلەمانی سوێددا کۆنفرانسێک سەبارەت بە ئەنفال پێکهێنرابوو، ئێستاش ئەگەر پەرلەمانی سوێد ئەو هەنگاوە هەڵبگرێتەوە و ئەنفال وەکو شەڕی قڕکردن بناسێنێ، ئیدی دەرگە لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتانی دیکەشدا دەکرێتەوەو هەنگاوی بۆ هەڵدەگرنەوە، ئەمەش بە قازانجی دۆزی ڕەوای کوردستان تەواو دەبێ. بەگوێرەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی شەڕی قڕکردن لەدژی هەر نەتەوەیەک ئەنجام درابێ، بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و پاراستنی ئەو نەتەوەیە لە ئەستۆی وڵاتان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەوێ و هەنگاوی بە دەوڵەت بوون نزیک دەبێتەوە.

## ئەمریکا تواناکانی بۆ دۆزینەوەی بن لادن چڕتر دەکاتەوە

**دوێنێ** شەممە، ٢٤ی ئایار سەرچاوەکانی هەواڵ لە زاری بەرپرسەکانی دەزگەی سیخوری ئەمریکاوە ئاشکرایان کرد کە حکومەتی واشنگتن پلانێکی بەرفراوان لە جیهان بەڕێوە دەبات و هەموو توانای خۆی بۆ دۆزینەوەی ئوسامە بنلادنی سەرۆکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دەکار دەکات.

سەرچاوەیەک ئاشکرای کردووە کە لەو کۆبوونەوەیەی کە لە قەتەر لەنێوان گەورە بەرپرسانی ئەمریکاو ئەفغانستان و پاکستان بەڕێوەچوە، باس لەوە کراوە کە بۆ دۆزینەوەی بنلادن دەبێ سەرەتا چالاکیێکی بەرفراوانی ئاسایشی و سەربازی لە باکوری پاکستان دەست پێبکات، دواتر بەهەموو توانایێکەوە لە ئەفغانستان و وڵاتانی دیکەی جیهاندا بەدوای بگەڕێن، چونکە ئەگەر نەتوانرێ دەستگیر بکرێ، ئیدی لە ساڵانی داهاتوودا نەک هەر ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەناو ناچێ، بەڵکو تیرۆر هەڕەشەیەکی گەورە لە ئاسایشی ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی جیهاندا دەکات.

جێگەی ئاماژەیە کە ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئاسایش و سەربازی ئەمریکی پێیانوایە کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ناوچەی هۆزەکانی پاکستاندا بەرنامەی هێرشکردنە سەر ئەمریکایان دارشتووە، لەوێشەوە درێژە بە کارەکانی خۆیان دەدەن، بۆیە دەبێ سەرەتا لەوێ بەدوای بنلان دا بگەڕێین.

## فتوای سیستانی بۆ بەرخۆدانی چەکداری بە درۆ دەخرێتەوە

**سەرچاوەیەکی** نزیک لە ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوە کە سەرچاوەکانی هەواڵی جیهانی بەناوی ئەوەوە ڕایانگەیاندبوو کە ئایەتوڵا سیستانی فتوای داوە تا بەچەک هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەربکرێن.

دوێنێ، شەممە ٢٥ی ئایار سەرچاوەیەکی نزیک لە نووسینگەی ئایەتوڵڵا سیستانی ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند کە هەڵوێستەکانی سیستانی هەر لەگەڵ داگیرکردنی عێراق ئاشکرایەو دەخوازێ کە بە ڕێگەی بەرخۆرانی ئاشتیانەو هێمنانە هێزەکانی داگیرکەر لە عێراق دوور بخرێنەوەو دەستەڵاتی داگیرکاری کۆتایی پێبهێنرێ.

پێشتر ئاسیوشیتد پریس لە زاری نزیکانی عەلی سیستانی بڵاوی کردبۆوە کە ئایەتوڵڵا سیستانی گوتویەتی بەرگری چەکدارانە بۆ وەدەرنانی هێزەکانی ئەمریکا ڕێگە پێدراو ڕەوایە، ئەمەش نیگەرانی لەناوەندەکانی حکومەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانی دروست کردبوو، بەڵام سەعید خەلخالی نوێنەری سیستانی لە وڵاتی بەریتانیا ڕایگەیاند کە فتواکانی ئایەتوڵڵا سیاستانی ئاشکران و پێویست ناکات بشاردرێنەوە، هەرکاتێ فتوا بدات ڕایدەگەیەنێ، هەروەها بە دووریش دەزانرێ لەم کاتەدا دەست لەم کێشانە وەربدات.

## خەڵک بەپێچەوانەی سەرکردایەتی داوای هەڵواسینی تاوانبارانی ئەنفال دەکات

**ڕۆژی** پێنج شەممەی ڕابردوو، ٢٢-٥-٢٠٠٨ لەسەر داخوازی بنکەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد، نووسینگەی دهۆکی سەنتەری ئەنفال و ژمارەیەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سڤیل، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی شاری دهۆک ڕژانە سەر شەقامەکان و داوای هەڵواسینی ئەو تاوانبارانەیان کرد کە دادگەی باڵای تاوان سزای هەڵواسینی بۆ داون.

خۆپێشاندەران لەکاتێکدا کە وێنەی قوربانیەکانیان هەڵگرتبوو، چەند دروشمیان بەرزکردبۆوەو داوای هەڵواسینی عەلی کیمیاوی و سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید تکریتیان دەکردو دەیانخواست کە چیتر حکومەتی عێرق لە ژێر بیانۆی ڕەنگاورەنگەوە خۆی لە جێبەجێکردنی ئەو سزایە نەدزێتەوە.

هەرچەندە ئەمە یەکەمین جار نیە کە بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان و کوردستانیە دڵسۆزەکان بەشێوازی جیاجیاوە داخوازی جێبەجێکردنی بڕیاری دادگەی باڵای تاوان دەکەن، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە کە دانیشتووانی شاری دهۆک خواستەکانی خۆیان بە پێچەوانەی خواستەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بخەڕوو، ئەم داخوازیەی دانیشتووانی دهۆک پێچەوانەی خواستی ژمارەیەک لە بەرپرسانی کوردە کە داوای هەڵوەشانەوەی سزای سوڵتان هاشم و حوسێن تکریتی و عەلی کیمیاوی دەکەن.

تا ئێستا هۆکاری داخوازی بەرپرسانی کورد بۆ جێبەجێکردنی سزای هەڵواسین بەسەر گەورە تاوانبارانی ئەنفالکردنی کوردستانیان دیار نیە، بەڵام خەڵک پێیانوایە یان دەبێ سزای هەڵواسین بەیەکجاری نەمێنێ، یان دەبێ ئەو تاوانبارانەش هەڵبواسرێن.




## ڕۆژەڤ

هەرێمی کوردستان بودجەیەکی بەرچاوی هەیە، ئەگەر پلانڕێژی زانستیانەی بۆ بکرێ، بەرپرسی خەمخۆر و خزمەتگوزاری هەبێ، دەکارێ هەم پێداویستیەکانی خەڵک دابین بکرێن و هەمیش پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی پێ ئەنجام بدرێن، بەڵام وێڕای ئەوەشەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ بژێوی وڵاتیان سەخت و دژوارتر دەبێتەوە، کێشەو قەیرانەکان گەورەتر دەبنەوە، خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان چارەسەر ناکرێن، بەوهۆیەوە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کۆمەڵگەی کوردەواری گرتۆتەوە، لە هەموو شوێنێکەوە دەنگی هاوار و بێزاری دەبیسترێ، ڕەخنە و گلەیی و گازاندەکان زۆرتر دەبنەوە، کەچی بەرپرسان گوێ لە داخوازیەکان ناگرن، ئاوڕێک لە ڕابردوو نادەنەوە، جگە لە بەڵێندان، هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ یەکلاییکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵک هەڵناگرنەوە، ئەگەر گوێشیان لە ڕەخنەو گازاندەکان دەبێ، لەجیاتی چارەسەری، پەنجەی تۆمەت بۆ خەڵک درێژ دەکەن و ئەوان بە خەمساردو تەنبەڵ و کار نەکردە ناوزەد دەکەن.

خەڵک بۆ ئەوە نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێ تا حکومەتێکی کارامەو چالاک و خزمەتگوزار دەست بەکاربێ، گرفت و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، ژیانێکی ئاسوودە و هێمن دابین بکات و داهاتوویێکی درەخشان مسۆگەر بکات، بەڵام کاتێک گەندەڵی و هاوێرکاری دامەزراوەکانی حکومەت بنکۆڵ دەکەن، کاتێک بەرژەوەندی کەسێتی و حزبی لەسەرووی بەرژەوەندەکانی گەل و نیشتمان دادەنرێن و داخوازیەکانی گەل فەرامۆش دەکرێن، دەبێ ئەو چاوەڕوانیەمان هەبێ کە دەنگی نارەزایی گەل بەرز دەبێتەوە، گلەیی و گازاندە دەست پێدەکات، ڕەخنەکان هەست بریندار دەکەن. هەر گەلێک ئەگەر وەڵامی نەدرابێتەوە، هێزو توانای خۆی دەکار کردووەو بەدوای گۆڕان و چارەسەری گەڕاوە، ئەگەر دەرفەتی درابێ لەسەر سەندوقەکانی دەنگداندا تۆڵەی خۆی کردۆتەوە، ئەگەر هەموو دەرگەو دەروازەکانیشی لێدابخرێ، بیر لە کردنەوەی دەلاقەو پەنجەرە ترسناکەکان دەکاتەوە، ئەمەش بە زیانی گشتی کۆمەڵگە تەواو دەبێ.

هەموو دەستەڵاتدارانی جیهان ئەو ڕاستیە دەزانن کە فەرمانڕەوایی و کورسی لەسەر کەس تاپۆ نەکراوەو بۆ هەمیشە مسۆگەر نەکراوە، بەوهۆیەوە فەرمانڕەوایانی خزمەتگوزار هەوڵی وەدیهێنانی ئاسوودەیی و بەختەوەری و ژیانێکی باش بۆ کۆمەڵگەکەیان دەدەن، لەسەر خزمەتگوزاری زیاتر و باشتر کێبەرکێ دەکەن و گەمەی دیموکراسی قوڵتر دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ڕەوتی پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکان درێژەیان بە ڕۆیشتن و لێخوڕین دا، ئیدی دەستاودەستکردنی دەستەڵات سەخت و دژوار و نەویستراو دەبن، مێژووی کارەساتەکان گەورەتر دەبنەوە. لەم بەستێنەدا گەرەکە بەرپرسان بە چاوی خەڵک لە تەنگژەکان بڕوانن و چاویلکەی ڕەش فڕێ بدەن.

## پێوەندی نێوان پژاک و کۆمەڵەکان ئاڵۆزتر دەبێ

دوای ئەوەی **حاجی ئەحمەدی** سەرۆکی پژاک لە وتووێژێکدا پەلاماری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی داوەو بە دەستکردنی ساواک و هۆکاری شەڕی براکوژی نێوان کۆمەڵە و حدکا تۆمەتباری کردوون، باڵەکانی کۆمەڵە دژ بەو پەلاماردانە هەڵوێستیان وەرگرتووە، لەم بارەیەوە دەبیرخانەی کۆمەڵە/ ڕەوتی چاکسازی و گەشە لە بەیاننامەیەکدا ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی پژاکی بە چەواشەکاریی و دوژمنکارانە داناوەو و ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەوە یەکەمجار نییە سەرکردایەتیی پژاک سەبارەت بە کۆمەڵە و حزبەکانی دیکە چەواشەکاری بکەن. هەر لەم پێوەندەدا دەنگۆی ئەوە هەیە کە سەرکردایەتی پژاک کە ماوەیەکە لە **ئەحمەدی** بێزارو نیگەرانن، دەیانەوێ بەو بیانۆیەوە هەڵوێستی لێوەربگرن و پۆستی سەرۆکی لێوەربگرنەوە. چاودێران پێیانوایە کە سەرکردایەتی پژاک خۆیان هانیان داوە تا هەڵوێستی لەو بابەتە بنوێنێ و بەوهۆیەشەوە وەدەری بنێن.


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com